# هۆزان محمود لەپێناو بەدەست هێنانی پشتیوانی لەبزووتنەوەی ژنان لەعیراق ،سەردانی کۆمەڵێك وولآتی ئەوروپا دەكات

## فەرەنسا:

مونبلییە





رۆژی 30–5–2005 لەسەر بانگهیشتی بەرەی ئەمریکی لەپێناو ئاشتی و عەدالەت ،هۆزان محمود دەعوەت دەكریٚ بۆ كۆبوونەوەیەك لەباشوری فەرەنسا بۆ قسەوباس لەسەر ئەوزاعی سیاسی عیراق و مەسەلەی ژنان لەژیر سایەی داگیر كاری ئەمریكادا .

هۆزان محمود لەم كۆبوونەوەیەدا  قسەو باس دەكات لەسەر كارو چالاكی یەكانی رێكخراوی ئازادی ژن ،هاوكات باس لەكۆنگرەی ئازادی عیراق كرد وەك تاكە بەدیلێكی رادیكال وپیشرەو بۆ كۆتای هینان بەداگیركاری ئەمریكاو دەستكۆتاكردنی ئیسلامی سیاسی ،لە پێناو سازدانەوەی مەدەنیت بۆ كۆمەڵگای عیراق . بەشداربوان لەسەر چۆنیتی پشتیوانی لەبزووتنەوەی رادیكال و پێشكەوتخوازی عیراق و كۆنگرەی ئازادی عیراق پرسیاریان كرد ، و لە قسەوباسەكانی هۆزان محمود پشتیوانیان كرد ، و200 یورۆ كۆمەكیان كرد بەخانەی ئەمنی كەلەلایەن رێكخراوی ئازادی ژنەوە سەرپەرشتی دەكرێت. رۆژنامەی میدی لیبری و ئیزاعە محلی یەكان بەهۆزان محمود چاوپێكەوتنیان كرد لەسەر ئەهداف و ئامانجەكانی رێكخراوەی ئازادی ژن لەعیراق و ئەوزاعی ژنان لەعیراق و پشتیوانی كردنی ژنانی فەرەنسا لە كارو و هەڵسورانەكان رێكخراوی ئازادی ژن.

## باكوری ئیرلەندەن:

## بلفاست:

هۆزان محمود بۆ سیمینارێك دەعوەت دەكرێت لەلایەن رێكخراوی ئەمنستی ئەنتەرناسیۆنال وە ،بەهاوبەشی لەگەل ناوەندی حقوقی ئینسان لە زانكۆی (كۆین) لەبەلفاست.





لەم سیمینارەدا هۆزان محمود لەسەر خەباتی ژنان لەعیراق لەپێناو ئازادی و یەکسانی هەمەلایەنو،دژ بەئیسلامی سیاسی و دەوریٚ ڕێکخراوی ئازادی ژن و هەڵسوران و ئەو دەست کەوتانەی کە بۆ ژنان بەدەستی هیناوە باسی پێش کەشکرد..

تاکیدی کردەوە لەسەر پێویستی کۆتای هینان بەداگیرکاری ئەمریکاو لەبار بردنی دەوری ئیسلامی سیاسی لەناوچەکەدا.وە گرنگی پشتیوانی لەکۆنگرەی ئازادی عیراق بۆ بیانەکردنەوەی عیراقی نۆی وگیرانەوەی مەدەنیت وژیانێکی ئینسانی بۆ خەڵکی عیراق.

شایەنی ئاماژەپێکردنە چەند قوتابی زانکۆی _کۆین) و ئەکادیمی و سیاسی وناخۆی لەو شارە بەشداریان کرد،لەقسەو باسەکانی هۆزان محمود پشتیوانیان کرد ،ئامادەی خۆیان راگەیاند بۆ هاوکاری و پشتیوانی بەشێوەی بەردەوام ،وە 90 پاوەند کۆمەکی مالی لەو کۆبوونەوەیەدا لەلایەن بەشدار بوانەوە بۆ ڕێکخراوی ئازادی ژنان کۆکرایەوە.

## بەریتانیا:

## بریستۆڵ:

رۆژی 27-5-2005 ڕێکخراوی امنستی ئەنتەرناسیۆنال ،هۆزان محمود دەعوەت دەکەن بۆ کۆنگرەکەیان ،کە لەم کۆنگرەیەدا نۆینەری امنستی لەسەر کارو هەڵسورانەکانی ڕێکخراوی ناوبراو وتووندو تیژی دژی ژنان قسەو باس پێشکەش دەکات ،هۆزان محمود لەسەر وەزعیتی سیاسی عیراق و مەسەلەی ژنان و پشتیوانی لەبەرەی رادیکال و پێشکەوتخوازی عیراق قسەو باس دەکات.

## برایتۆن:

رۆژی 9-6-2005 هۆزان محمود و یەنار محمد لەکۆبوونەوەی یەکیتی کرێکارانی (pcs) بەشداری دەکەن قسەو باس لەسەر دەوری ڕێکخراوی ئازادی ژن لەعیراق و خەباتی ژنان لەپێناو داواکاریەکانیان لەپێناو دەستورێکی عەلمانی و یەکسانی هەمەلایەنی ژن و پیاو لەو دەستورەدا ،هەروەها یەنار محمد لەسەر گرنگی کۆتای هینان بەداگیرکاری ئەمریکاو دەوری ئیسلامی سیاسی لەعیراقدا قسەو باسی کرد ، هۆزان محمود لەسەر پێویستی پشتیوانی سیاسی و عەمەلی تاکیدی کرد ،بریاردرا هەڵسوران بکرێت لەپێناو بەدەست هینانی پشتیوانی مالی لە ڕێکخراوی ئازادی ژن لەعیراقدا، شایەنی ئاماژە پێکردنە 110 پاوەند کۆمەك کرا بە ڕێکخراوی ئازادی ژن.

# تۆری نۆینەرایەتی ڕێکخراوی ئازادی ژن\ بەریتانیا